# ئێستا کاتی دابەشکردنی عێراق هاتووە![1]

## رالف پیتەرس[2]
## وەرگێرانی: شێرکۆ کرمانج[3]

سەرۆك بۆش - بەبەردەوامی - کاری خاسی کردوە کە لە پێش و لەکاتی یان دوای ئۆپەراسیۆنی رزگاری عێراق هەموو ئەو دەنگانەی بەدژی بەرزدەکرانەوە پشتگوێ خستوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە لە خەتەری ئەوەدایە هەمان ئەو هەڵەیە دوبارەکاتەوە کە باوکی لە "گەردەلولی بیابان" تێیکەوت بە بەنیوەچڵی بەجێهێنانی ئەرکەکە.

هەروەك چۆن نەچوونە ناو بەغدا لە 1991 ئێراق و ناوچەکەی دووچاری کێشەیەکی شێرپەنجەیی کرد، ئەوا ئەمرۆش نوشستی هێنان لە دانان بەو سنورە دەسکردو لە بنەڕەت نارەوایانەی دەوڵەتی عێراق، مژدەی بێزارییەکی (سخط) بەردەوامی پێوەیە. ئەریٚ پێویست دەکا هێزەکانی ئەمریکا لە دەیەیەکی دیکە بۆ جاری سێیەم بگەڕێنەوە عێراق؟

قسەکردن لە عێراقێکی تاکوتەنیا وەك وڵاتێکی یەکگرتو درۆیەکی ساختەیە. سنورەکانی ئەو وڵاتە بەپێی تێگەیشتنی دیپلۆماتە ئەوروپییەکانی سەدەی رابردو بەبێ گوێدانە حەزوئارەزوو کێشمەکێشەکانی دانیشتوانی ناوچەکە کێشران.

ئەمرۆ، ئەو عێراقەی کە ئێمە هەوڵی گلدانەوەی دەدەین لە سێ نەتەوەی جیا پێکهاتوە کە هەرسێکیان خزێنراونەتە نێو تاکە قەفەسێك و لەژێر سایەی ئالایەکی خوێناوی تا ئێستا راگیرکرابوون. کێشەی ئێمە (ئەمریکیەکان - و) تەنها لەگەڵ یەك لەو نەتەوانەیە، ئەویش کەمینەی عەرەبی سوننەی نیشتەجێ لە باکورو رۆژئاوای بەغدایە. عەرەبە سوننەکان، وەك نەتەوەی نازپێدراو لەلای بریتانیەکان، دەسەڵاتی عێراقە دەسکردەکەی ئەوانیان گرتە دەستو لە رێی قەسەبخانەو ئەشکەنجەو زیندانیکردنی خەڵکەکەی درێژەیان بە دەسەڵاتیاندا. سەدام حوسێن ترۆپکی ئەو دەرئاوێشتە بوو کە زوڵم وزۆرداری عەربی سوننی لە عێراق لە دژی کوردو شیعە گەیشت پێی.

بەیەکپارچەیی راگرتنی عێراق بەپشتیوانی هێزەکانی ئەمریکا، هاندانێکی راستەوخۆی ئەو عەرەبە سوننیانەیە کە ئێستا دژی بوونی ئێمەن لەوێ، ئەوانەی کە هێرشی توندوتیژ دەکەنە سەر سەربازەکانمان و لە هەوڵی ئەوەدان کە جارێکی دیکە ئەو وڵاتە بخەنەوە ژێر رکێفی خۆیان.

وادیارە ئێمە سزای دۆستەکانمان دەدەین و خەڵاتی دوژمنەکان دەکەین و بێلایەنەکانیش نامۆ دەکەین. لەوکاتەی دنیا سەری سوڕماوە ترسێکی گەورەی لێنیشتوە لە ئاکامی سەرکەوتنەکانمان، پێویستە لەسەر سەرۆك بۆش <u>*هەرئێستا*</u> (لەلایەن نوسەرەوە زەق کراوەتەوە - و) نەشتەرگەرییەکی رادیکالانەی لاشەی عێراق بکات. ئێستاکەش پەنجەرەیەکمان ماوە کە لە میانیەوە ریفۆرمی گەورە ئەنجام بدەین، بەڵام پەنجەرەکە زۆر نابا دادەخرێ. پارێزگاریکردن لەو حاڵەتەی ئێستا کارێکی شێتانەی کوشندەیە.

دابەشکردنی عێراق دەبێ بە دوو قۆناغدا تێپەڕبێت.

قۆناغی یەکەم، ئێستاکانە دەبێ وڵاتەکە بەسەر سێ هەرێمی فیدراڵ دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی عەرەبە سوننیەکان ئاخرین چانسیان بدرێتێ کە ریفۆرمەکان لە ئامێز بگرن.

- هەرێمی یەکەم ناوچە شیعەیەکانی باشور بگرێتەخۆ بەهەموو چاڵە نەوتەکانی باشورەوە.
- دووەم کوردستانێکی فراوانکراو کە هەردوو شارە بەمێژوو کوردەکەی کەرکوك و موسڵ بگرێتەوە بە چاڵە نەوتەکانی باکوری عێراقەوە.
- پاشماوەی ئەوانەی سەرەوە هەرێمی سێیەمی عەرەبە سوننیەکان پێك بێنێت کە وەك ساندەویچ ئاخنرابێتە نێوان هەردوو هەرێمەکەی دیکە.
- بەغداش وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بێت

بەسە با چیتر نیگەرانی شیعە توندرەوەکان نەبین، ئەگەر لە باسکردنی دیموکراسیدا راستدەکەین، دەبێ شیعەکان ئازاد بن لەوەی کێ بە پێشەوای خۆ هەڵدەبژێرن تەنانەت ئەگەر ئسولیەکانیش بوون. ئەگەری هاتنەپێشی حوکمێکی ئایینی ( theocratic) لە باشوری عێراق کەمترە لەوەی میدیا دەهۆڵی بۆ لێدەدا. سەرەڕای ئەوەش، ئەو شیعانەی کە دەیان ساڵە سەرکوتدەکرێن‌و دەچەوسێندرێنەوە دەبێ ئازاد بن لە هەڵبژاردنی ئەو دوارۆژەی کە دەیانەوێ. دیموکراسی یانی رێگەدان بە خەڵك تا بەدەستی خۆیان هەڵە بکەن، ئێمە بەخۆمان چەندانمان کردوە! تاکە شتێك کە دەبێ مکوڕبین لەسەری مسۆگەرکردنی هەڵبژاردنێکی راستورەوانە. بەڵام پێویستە بۆ ئێرانی رونکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەك رێگە بە خۆتێهەڵقورتاندنی نادەین.

وەك چۆن ئەم ئەستونە بەبەردەوامی ئاماژەی بۆکردوە، کوردەکان شیاوی ئازادی‌و دەوڵەتی خۆیانن. [4] لەدوای جولەکەو ئەرمەنیەکان، لە سەد ساڵی رابردودا، لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەرزەوی زیاتر چەوسێندراونەتەوەو مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان لێ زەوتکراوە، کوژراون، کیمیاباران کراون، لە زێدو نیشتیمانیان دەرپەڕێندراون، تەنانەت لەسەر بەکارهێنانی زمانی زکماکی خۆیان پەژموردەکراون! روو وەرگێران لەو تراجیدیایەی بەسەر کورددا هاتوە لەلایەن دنیای ئەمڕۆ هیچ پاساوی بۆ نیە.

سەرنج بدە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەزەمانەتکردنی لەلایەن هێزی سەربازی ئەمریکا چەند بە قازانجی ئێمەیە. ئەگەر کوردەکان رازی ببن بە میوانداری کردنی هێزەکانی ئێمە، ئەوکات هیچ پێویستیمان بە بنکەکانی تورکیا نابێت، کە بەکارهێنانیان تا رادەی بێسوودیی سنوردارکراون. بنکە ئاسمانیەکان لە شوێنێك کە خەڵکەکەی بە گەرمی باوەشی بۆ بکەنەوە (مەبەستی کوردەکانە - و) گۆرانکارییەکی مەزن دەبێت لە ناوچەکە. تەنانەت پێویستیی بنکەکانی عەرەبستانی سعودی‌و وڵاتانی دیکەی کەنداویش دەکەونە ژێر پرسیارەوە.

ئەی تورکیا؟ "هاوپەیمانە کۆنەکەمان"

من هیچ رقێکی تایبەتیم بەرامبەر بە تورکیا نیە. بەپێچەوانەوە، من دەیانجار سەردانی تورکیام کردوەو تەنانەت بۆ مانگی هەنگوین لەگەڵ ژنەکەم چووینە ئەوێ. ئەستەمبوڵ یەکێکە لە شارە دلگیرەکانم. من ساڵەهایی ساڵ پێم لەسەرئەوە دادەگرت کە تورکیا هاوپەیمانێکی پڕبایەخە بۆ ئێمە. بەڵام رۆژگار گۆڕا، ئەو غەدرو خیانەتەی تورکیا لە سەرەتای ئەم شەڕە لەگەڵ ئێمەی کرد نابێت لەبیرکەین. لەگەڵ دیتنی سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکەمان، تورکیا یەکسەر ویستی بەوە دڵمان بداتەوە کە ئەوە بەهەڵە لەیەکترگەیشتنێکی چکۆڵانە بووو تورکیا هەر دەیەوێ وەك مێرخاسترین دۆست بمێنێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا، تورکیا دیسان بۆتەوە بە "پیاوە نەخۆشەکەی ئەوروپا، " تا تەپڵی سەری غەرقی فەسادە، رادیکاڵی ئیسلامی تەشەنەی تێداکردوە ئەوە سەرباری بوونی لەشکرێکی خۆکاولکەر.

هەفتەی رابردو، هێزەکانی ئەمریکا پلانێکی نهێنیی لەشکری تورکیایان لە باکوری عێراق هەڵوەشاندەوەو ژمارەیەك ئەندامانی هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەنکەرەیان گرت، لەوەدەچێ پلانەکە ئاکامی نوێکردنەوەی دۆستایەتیەکەیان بووبێت! پلانەکەی تورکان، مەبەست؛ کوشتنی سەرکردەیەکی کورد لە شاری کەرکوك. تاوانی؛ هاوکاریکردنی لەگەڵ ئەمریکیەکان.

ژەنراڵ ئۆزکۆك سەرۆك ئەرکانی هێزەکانی تورك غەزەبێکی میللیانەی لێدەباری، پێکوڕی ئەوەی دەکرد کە بە گلدانەوەی پیاو کوژەکانی، ئەمریکیەکان ئاژاوەیەکی قوڵمان ڕسکاندوە. ببورە، دۆستی ئازیز! ئەتۆ ئەو ئاژاوەیەت خولقاند. ئەتۆ ئەگەری دوبارە دروستکردنەوەی پردی نێوان واشنتۆن‌و حکومەتەکەت لەلایەك‌و خۆت لەلایەکی دیکە بە با دا، پردێك کە کێشی هەبێت.

پلانە شومەکەی لەشکری تورکی بە مەبەستی بنکۆڵ کردنی داگیرکردنەکەمان (داگیرکردنی عێراق - و) ، خەتێك بەژێر ئەو پێویستیەی ئیدارەی بۆشدا دێنێ کە چیتر بچکۆلانە بیر نەکەنەوە کاتێك مەسەلە دەگاتە دروستکردنی نەتەوە (nation-building) . لەحیاتی ئەوەی کە هەر ڕۆن لە کەونە سەیاران بگۆڕدرێ، کاتی ئەوە هاتوە کە ریزێك ئۆتۆمبیلی نوێ بێنە پێشەوە. کوردستانێکی سەربەخۆ دەبێ لە ریزی هەرە پێشەوە بێت.

ئەگەر عەرەبە سونیەکان هاوکاری کردنیان هەر رەتکردەوە ئەوە قۆناغی دووەم لە دابەشکردنی عێراق دەستپێدەکا: ئێمە فیدراسیۆنە کاتیەکەی عێراق هەڵوەشاوە رادەگەیەنین‌و سێ دەوڵەتی تەواو سەربەخۆ لە جێیاندا دەرسکێنین، بەمەرجێك

هەردوو دەوڵەتی کوردو شیعە لە نزیك سنوری ئێران هاوسنور بن تاوەکو زەمانەتی ئەوە بکات کوردەکان دەستیان بە رارەوێکی دەریاییەوە رابگات بۆ ناردنی نەوتو گازو بازرگانیکردن لەگەڵ دەرەوە. ئەوسا لێگەرێ عەرەبە سوننیەکان بگەنن.[5]

ئۆ، لەوانەیە قۆناغی سێیەم بە رێوە بێت. ئێمە نابێ هیچ هەلێك لە دەستخۆ بدەین بۆ کۆمەککردنی دەیان ملیۆن کوردی هۆگری ئازادی کە لە چوارچێوەی سنورە ئەوروپیە داسەپێنراوەکان لە تورکیاو ئێرانو سوریا دیلکراون. بۆ ئەو ئەمریکاییانەی بە دڵ پشتیوانی ئازادیو مافەکانی مرۆڤن، دەبێ کوردستانی مەزن ئامانجی درێژخایەنیان بێت.

ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بەتەنها ناتوانن رۆژهەلاتی ناوەند بگۆڕن. سنورە دەجالیەکانی بە میرات بەجێماو لە ئەوروپیەکان دەبێ هەڵتەکێندرێنەوە، وا چاکە لە عێراقەوە دەست پێبکەین. خیانەت لەگەڵ هێزەکانمان مەکەن بەدیسان بەنیوەچڵی بەجێهێشتنی کارەکان کە رەنگە ببنە مایەی دڵخۆشی دوژمنانمان.

*تێبینی کوردستان نێت:*

*ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.*

---

[1] ئەم نووسینە لە 2003/7/10 لە رۆژنامەی نیۆیۆرك پۆست بلاوکراوەتەوە.

[2] ئەفسەرێکی خانەنیشی لەشکری ئەمریکیەو نوسەری کتێبی "لەودیو تیرۆرەوە: ستراتیجیەت لە دنیایەکی گۆڕاو ( *Beyond Terror: Strategy in a Changing World*). لە زۆر رۆژنامەی ئەمریکا ئەستون دەنوسێ.

[3] خوێندکاری خوێندنی بالا لە زانکۆی ساوس ئوستراليا.

[4] مەبەستی ئەو ئەستونەیە (عمود صحفی) کە نوسەر بەبەردەوامی لە نیۆیۆرك پۆست دەینوسی.

[5] ئەم دەستەواژەیە لەلایەن رالف پیتەر بەرامبەر بە برا عەرەبە سونیەکان بەکاری هێناوە، من هەر ویستومە دەقەکە وەك خۆی وەرگێرم.